سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (٤)

# حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان

## لەمپەر و سیناریۆکان

ئایار 2020

www.centerfs.org

- حکومەتی نوێی عێراق وقەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٤)
- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە
- سلێمانی - هەرێمی کوردستان
- ئایار ٢٠٢٠

---

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

1. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئایندەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
2. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
3. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
4. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
5. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
6. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
7. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
8. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
9. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
10. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

1. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
2. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
3. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
4. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
5. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
6. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
7. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# حکومەتی نوێی عێراق وقەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان

## لەمپەر و سیناریۆکان

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: ئایندەی حکومەتەکەی کازمی؛
ئەرک و ئاڵنگارییەکانی ٤

تەوەری دووەم: قەیرانی ئابووریی هەرێم؛
ڕیشەیەکی قوڵ و دەرکەوتنەوەی نوێ ٧

## سەرەتا

پرسی چۆنێتی حوکمڕانی باش و گرفت و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی و ئاسۆکانی چاکسازیی تیایدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەمیشە پرسێکی لەپێشینەیە و لەگەڵ هەر قەیران و قۆناغ و وەرچەرخانێکدا زیاتر پێویستێتی خۆی دەچەسپێنێت، بەتایبەت لە ئێستادا کە هەم عێراق و هەم هەرێمی کوردستانیش، بە چەند قەیرانێکدا گوزەر دەکەن، هەر لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق تا دەگاتە قەیرانی ئابووری و دارمانی توانا داراییەکانی حکومەت لەسایەی زۆرێک لە دەرەئەنجامەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا(کۆڤید-١٩) و پێویستییەکانی ڕێکخستنەوەی داهات و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی لە هەرێمی کوردستان. بۆیە هەریەک لەم قۆناغ و قەیرانانە ئاڵنگاری گەورەیان لەبەردەم ئایندەی حوکمڕانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا سازاندووە، بەشێوەیەک چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا نەخشەڕێژی زۆرێک لە ڕایەڵەکانی ژیانی سیاسی ئایندەی نزیک و دووردا دەکەن.

ڕانانی ژمارە چوار؛ لە دوو تەوەردا تاوتوێ و بەدواداچوونی بۆ هەندێک لەو ئاڵنگاریانە و تواناکانی ڕووبەڕووبونەوە و سیناریۆکانی ئایندەیان کردووە.

## تەوەری یەکەم:
## ئایندەی حکومەتەکەی کازمی؛ ئەرک و ئاڵنگارییەکانی

پاش چەندین مانگ لە نائارامی شەقام وئاڵۆزیی پرۆسەی سیاسی، دواجار ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ٧ی ئایاری٢٠٢٠دا، بە زۆرینەی دەنگ متمانەی بە کابینەکەی "سێیەمین سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو" مستەفا کازمی و کارنامەی حکومەتەکەی بەخشی. دوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، لە (٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩)، لە ژێر فشاری ئەو خۆپیشاندانە فراوانەی کە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی٢٠١٩ەوە زۆربەی شار وپارێزگاکانی خوارووی عێراقی گرتەوە و پێداگری لەسەر لەکارخستنی کۆی دەستەبژێری حوکمڕانیی عێراق و بنبڕکردنی گەندەڵی دەکرد، بۆ زیاتر لە پێنج مانگ وڵات بە حکومەتێکی کاربەڕێکەر بەڕێدەکرا.

پرۆسەی متمانەدان بە کابینەکەی کازمی و کارنامەی حکومەتەکەی هاوشێوەی پرۆسەی ڕاسپاردنی ئاسان بوو، پێچەوانەی دۆخی ڕاسپاردنی هەریەک لە عەللاوی و زوروفی، کە یەکەمیان لە دواساتەکانی پێکەوەنانی کابینەکەیدا ئەنجومەنی نوێنەران بۆ متمانەپێدانی ئامادەی کۆبوونەوە نەبوو، دووەمیشیان دوای زیاتر لە سێ هەفتە لە ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینە، کشێنرایەوە، دۆخی ڕاسپاردنی کازمی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ (لە ٩ی نیسانی ٢٠٢٠) دۆخێکی زۆر هێورتر بوو لە دۆخی ڕاسپێردراوانی پێشووی، بە شێوەیەک جۆرێک لە پشتیوانیی فراوانی نێوخۆیی(کوردی-سوننی-شیعی) و جۆرێک لە هاوڕایی شاراوەی دەرکییش(ئێرانی-ئەمریکی) لەسەروەختی ڕاسپاردنیدا بەدیکرا. ئەمە وێڕای کەمبوونەوەی فشاری خۆپیشاندەران کە بەهۆی ڕێکارەکانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناوە تاڕادەیەک وەستا بوو. بەهەمان شێوە کازمی لە ئەرکی پێکەوەنانی کابینەی حکومەتەکەیدا سەرکەوتووانە ڕێی کرد و توانی بەکەمترین ململانێ، متمانە بۆ زۆرینەی ئەندامانی کابینەکەی لە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مسۆگەر دەستەبەر بکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا حکومەتی نوێ بەهەمان ئاسانی ڕاسپاردن ومتمانەپێدانی دەتوانێت عێراق لە قەیرانەکانی دەرباز بکات؟ ئەرکی حکومەتەکەی کازمی چییە و پێویستە چی بکات؟ دەتوانێت چی بکات و ئایندەی بەچی دەگات؟

**- ئەرکەکانی حکومەتی نوێ:**

کازمی و کابینەکەی، هەم بە پێی کارنامە و هەم بەپێی لێدوانەکانی کاتی ڕاسپاردنی و پاش متمانەپێدانیشی، هەم بەپێی مەرجەکانی ئەو هێز و کوتلە وپێکهاتانەش متمانەیان پێبەخشی، هەم بەپێی خواستانەکانی شەقامی عێراقیش کە لەرێی خۆپشاندانەکانەوە خراونەڕوو و گۆڕینی حکومەتیشیان سەپاند و گواستنەوەی دەسەڵاتیان لە عەبدولمەهدی-ەوە بۆ کازمی ڕەخساند، هەم بەپێی ئەو هەژموونەش کە لایەنی دەرکی لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا هەیانە، بەپێی هەموو ئەمانە بەدیهێنانی چەندین ئەرک وەئەستۆی حکومەتی نوێ نراوە، کە گرنگترینیان بریتیین لە: دەربازکردنی عێراق لە قەیرانی ئابووریی و دەرچوواندنی یاسایەکی بودجەی تایبەت بۆ

ڕوبەڕووبوونەوەی قەیران و دارمانی نرخی نەوت و گەشەپێدانی سێکتەرە ئابوورییەکانیتر، ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، ڕوبەرووبوونەوەی گەندەڵی، چەکداماڵینی میلیشیاکان وکۆکردنەوەی لەدەستی دەوڵەتدا؛ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت و جێبەجێکردنی یاسای حیزبەکان؛ پەرەپێدانی چەمکی هاووڵاتیبوون و دامەزراوەییکردنی گفتوگۆ لەگەڵ خۆپیشاندەران و بەدەنگەوەچوونی داواکارییەکانیان، گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە خاپوورەکانی پاش شەڕی داعش، پتەوکردنەوەی سەروەریی عێراق و سەربەخۆکردنی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی، بەگژاچوونەوەی تیرۆر و دابینکردنی ئاسایشی گشتی، هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداد و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان، لەگەڵ چەندین ئەرک وئامانجیتردا.

دیارە لیستی ئەرکەکان زۆرن، ئەگەری جێبەجێکردنی هەریەکێکیشیان بەر لە ئەوانیتر، بەندە بە واقعی سیاسیی عێراق و توانای ئەو لایەنانەش کە خواستیان لەسەر ئەو ئەرکە هەیە و لەڕێی قایلکردن یان فشارلێکردنی کازمی بۆ بەدیهێنانی ئاڕاستە دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی دۆخی هەنوکەیی عێراق دەیخوازێت قوتارکردنییەتی لە قەیرانی ئابووری، پاشان ڕوبەڕووبوونەوەی پەتا، پاشتریش زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت.

**- حکومەتەکەی کازمی دەتوانێت چی بکات؟ ئاڵنگاری و سیناریۆکانی:**

زۆری ئەو ئەرک و ئامانجانەی کە لە حکومەتی نوێ دەخوازرێن، ئەو گریمانەیە دەخەملێنن کە کاری ئەم حکومەتە ئاسان نییە و کۆسپی گەورەی لە پێشە. بە پلەی یەکەم ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە بەرۆکی گرتووە، پاشان ئەگەری دەستپێکردنەوەی گەڕێکیتری خۆپیشاندانەکان لەهەر ساتێکدا گەر دەرکەوێت کازمی لەئاستی بەدیهێنانی خواستەکانیاندا نییە، وێڕای ئەگەری پشتبەردانی (هاوشێوەی عەبدولمەهدی) لەلایەن هەندێک هێز ولایەنەوە کە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا متمانەیان پێبەخشی، بەتایبەت کە دەوترێت سەرۆکوەزیران کەسایەتییەکی بێلایەن و بێکوتلە و بێمیلیشیایە، هاوکات ئەگەری فشاری دەرەکیش (ئەمریکا-ئێران) و پێکدادانی ویست و بەرژەوەندییەکانیان لەهەموو ساتێکدا کۆسپێکیترە، ئەمە جگە لە مەترسی سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و گەڕانەوەیان بۆ نێو گۆڕەپانی ڕووداوەکان.

کەواتە ئاڵنگارییەکانی بەردەم حکومەتەکەی کازمی هاوشێوەی ئەرکەکانی زۆرن، بەڵام کاریگەرترینییان دووانن:

١- لەسەر ئاستی نێوخۆ: دژیەکی ئامانج و چاوەڕوانییەکانی هەریەک لە خۆپیشاندەران و هێزە تەقلیدییەکانی بەشدار لە حکومەتدا، کە یەکەمیان داواکارە هەرچی زووە لە ڕێی چاکسازییەوە سەران و گەندەڵییەکانی ئەوهێزانە پاکتاو بکرێن. دووەمیشان خوازیارە بە کەمترین زیان وەک ئاڵوگۆڕکردنی حکومەت و دەستبەرداربوونی ناڕاستەوخۆی هەندێک پۆستی وەزاری دۆخەکە هێوربکرێتەوە ودرێژە بە دەسکەوتەکانی بدات.

٢- لەسەر ئاستی دەرەکی: دژیەکی ئامانج و چاوەڕوانییەکانی هەریەک لە ئەمریکا و ئێران لە حکومەت، یەکەمیان دەخوازێت بە پتەوکردنی سەربەخۆیی عێراق و چاکسازییکردن لە دەزگا

ئەمینییەکاندا هەژموونی ئێران و میلیشیا پشتیوانەکانی سنووردار بکات، دووەمیشیان خوازیارە حکومەت زامنی مانەوەی عێراق وەک یەکێک لەسەنگەرەکانی بەرگریکردن دژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا وبازارێکی شکاندنی گەمارۆ ئابوورییەکانیشی بێت.

**سیناریۆکانی ئایندەی حکومەتی نوێ:**
لەسایەی ئاڵانگارییەکانی سەرەوەدا دەتوانین پیشبینی ئەم سیناریۆیانە بۆ ئایندەی حکومەتەکەی کازمی بکەین:

**سیناریۆی یەکەم:** هەرچەندە بەدیهێنانی کۆی یان زۆربەی ئەرکەکان ئەستەمە، بەڵام دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە حکومەتەکەی کازمی هەندێکیان بەدی بهێنێت، بەمەرجی سەرکەوتن بەسەر بەشێکی بەرچاوی کۆسپە ڕیشەییەکاندا، بۆنمونە بەدیهێنانی چەند دەستکەوتێکی ئابووری، یان تا هێنانەدی ئەرکە سەرەکییەکانی کابینەکەی هێزە متمانەپێدەرەکانی پشتی بەرنەدەن، بەتایبەت کە هێورکردنەوەی دۆخەکە و جارێکیتر سەرەولێژنەکردنەوەی بەرەو دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە قازانجی بەردەوامبوونی بەرژەوەندی هێز وکوتلە تەقلیدییەکانە، لانیکەم تا هاتنی وادەی هەڵبژاردنی دادێ لە ٢٠٢٢دا، گەر هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجام نەدرێت.
**سیناریۆی دووەم:** لە حاڵەتی توندتربوونی هەندێک لەو ئاستەنگانەی باسکران، بەتایبەت دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان و پاشگەزبوونەوەی هەندێک هێز لە پشتیوانیکردنی کازمی و قوڵبوونەوەی زیاتری قەیرانی ئابووری کە ڕەنگە لەسایەیدا حکومەت پێدانی مووچەشی لە تواناڎا نەمێنێت، ڕەنگە تاکە دەرچەیەک بتوانێت وەک سەرۆکی حکومەتێکی ڕاگوزەر (ئینتیقالی) فەراهەمی بکات ئەوەبێت کە زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت بکات. بەڵام ئەمەش بێ‌لەمپەر نابێت، بەتایبەت ئەمریکا کە لەگەڵ هەڵبژاردن پێشوەختدا نییە، چونکە چاوەڕوان ناکات لە هیچ هەڵبژاردنێکی نوێ هێندەی ئێستا، کە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق دڵپەسەندی خۆیەتی، ئەنجامی باشتری چنگ بکەوێت.
**سیناریۆی سێیەم:** لە ئەگەری قووڵبونەوەی قەیرانەکان و شکستهێنانی کابینەکەدا لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی، ڕەنگە هەمان چارەنووسی عەبدولمەهدی هەبێت، لەم کاتەشدا عێراق دووبارە دەکەوێتەوە ناو گێژاوی ململانێ سیاسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و تونێلی ڕێکارە دەستورییە درێژخایەنەکان و فشاری خۆپیشاندەران و زەبری میلیشیاکان و هەڵقۆستنەوەی پۆپۆلیستەکان و چەندین ئەگەر و تەنگژەی‌تر کە ئەستەمە تا کۆتایی چ گەلی عێراق و چ هەندێک لە پێکهاتەکانی بەرگەی بەردەوامبوونی بگرن.

## تەوەری دووەم:
## قەیرانی ئابووریی هەرێم؛ ڕیشەیەکی قوڵ و دەرکەوتنەوەی نوێ

**دەرکەوتنەوەی قەیران:**

قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان سەرەتایەکی کۆنتری هەیە، بەڵام پەتای جیهانگری کۆرۆنا، زیاتر پەرێشانی دۆخی بەڕێوەبردن و کێشە شاراوەکانی سەرچاوەکانی داهات و خەرجییەکانی دەرخست. وەنەبێت قەیرانە ئابوورییەکە تەنها کوردستانی گرتبێتەوە، بەڵکوو وڵاتانی جیهان و بگرە کۆمپانیا زەبەلاحەکانیشی گرتووەتەوە، لە نێویشیاندا، یەک لەو وڵاتانەی کە کاریگەری قوڵی قەیرانەکە گرتییەوە، حکومەتی عێراقە، کە ڕاستەوخۆ سەدا ٥٢٪ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەویوە بە ڕێککەوتنێک دابین دەکرا، لە ئانووساتی بەربڵاویی کۆرۆنا، دابەزینی نرخی نەوت و خۆپیشاندانانەکانی عێراق و ئاڵووگۆڕەکانی کابینەکەی بەغدا، ئەو بڕە ڕاگیرا و بەم شێوەیە کێشە داپۆشراوەکانی بەڕێوەبردنی هەرێم و کەمبوونەوەی داهات و ڕاگرتنی پارەکەی بەغدا، قەیرانەکەی لە هەرێمی کوردستاندا فراوانتر نمایش کرد و کاریگەریی نەک لەسەر کابینەی حکومەت، بەڵکو لەسەر هاوڵاتییان و بگرە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان لایەنەکانیش جێهێشت و چەند خۆپیشاندانانێکی جیاوازیشی بەدوای خۆیدا هێنا، زەقترینیان خۆپیشاندانی مووچەخۆرانی دهۆک بوو، کە کاردانەوەی جیاوازی سیاسیی و ئەمنی وەدووی خۆی خست. بۆ دەرخستنی ڕادەی قەیرانەکە و دیاریکردنی سەرچاوەی کورتهێنانەکان، پێویستە ڕووماڵێکی ڕاگوزەری سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم و شێوازی دابەشکردنەوەی لە سێکتەرە جیاوازەکاندا بخرێنەڕوو.

**ڕوماڵێکی ئاماریی سەرچاوەکانی داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم:**

بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان، داهاتی مانگانەی وەزارەتی دارایی بە نزیکەیی بەر لە کۆرۆنا بەم شێوەیە بووە:

نێوخۆ: ٢٤٠ ملیار، وەدەستهاتووی نەوت: ٣٦٠ ملیار، بڕی دابینکراوی حکومەتی عێراق: ٤٥٢ ملیار، سەرچاوەی دیکە: نزیکەی ٢٠ ملیارێک، کە چارتی (ژمارە١)دا ڕێژەی سەدییەکەی ڕوونکراوەتەوە. لە کۆی ئەم داهاتە، بڕی ٨٨٦ ملیار دیناری بۆ مووچە، ٢٠٠ ملیاری بۆ خەرجی وەزارەتەکان و ٣٥ ملیاری بۆ پرۆژەکان تەرخاندەکرا.

بەڵام لە سەرووبەندی دۆخی کۆرۆنا و بازاڕی نەوتی جیهانی و ڕاگیرانی ژیانی ئاسایی و بازاڕی هەرێمی کوردستان، لە مانگی سێ و چواردا(بە گوێرەی زانیارییەکان)، کە لوتکەی قەیرانەکەی بەیان دەکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەو داهاتەی دەستی دەکەوت و ٤٥٪ی داهاتی فرۆشی نەوت و ٩٠٪ی داهاتی نێوخۆی کەمی کرد. بەمشێوەیە گەر دۆخی کۆرۆنا و نزمبوونەوەی نرخی نەوت بەردەوام بووایە ڕێژەی کورتهێنان لە داهاتی هەرێمدا نزیکەی ٢٠٠ ملیار دینار دەکرد.هاوکات، بڕی هەناردەکراوی بەغداش لەو دوو مانگەی ئاماژەیان پێدرا ڕاگیرا، کە تەنها ئەو بڕە ٤٢٪ی کۆی داهاتی هەرێمی کوردستانی پێکدەهێنا.

کەواتە دەردەکەوێت قەیرانەکە ڕاستەقینە بوو و دەرخەری چەند ئاماژەیەکی مەترسیداری لە جۆری سەرچاوەی داهات و شێوازی خەرجکردن و ناجێگیریی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستانە.




چارتی ژمارە ١ (سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان). س: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

**ڕیشەناسیی قەیرانەکە و تایبەتمەندییە کێشەسازەکانی داهات**

سەرچاوە و ڕیشەی دۆخی ئابووریی هەرێم، هۆکارەکەی تەنها دۆخی کۆرۆنا، بازاڕیی جیهانی، پەیوەندی هەولێر-بەغدا نییە، بەڵکو بەر لەوە پەیکەری ئابووریی هەرێم هەڵگر و بەرهەمهێنەری گرفتی ڕیشەییە و کێشە لە خودی سەرچاوەکانی داهات و هاوکات شێوازی خەرجکردن و پلانی کورتمەودا یاخود بێپلانی قەیرانەکەی قوڵتر و کاریگەرتر کردووە، کە بەردەوامبوونی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنەی داهات و خەرجی، نەک قەیرانەکە تێناپەڕێنێت، بەڵکو قەیرانسازتر و کارەساتبار دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا.

پرسیار ئەوەیە، بۆچی ڕیشەی قەیرانەکە قوڵترە و پێش ئەوەی سەرچاوەی قەیرانەکە دەرەکی بێت نێوخۆییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە لە تایبەتمەندییەکانی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمدا وردبوونەوە بکرێت، کە هاوکات پێکهێنەرە سەرەکییەکانی قەیرانە ئابوورییەکەش پێکدەهێنن:

١. پیادەکردنی سیاسەتی کرێاریی (زەبائینی):

ئەو گرفتانەی کۆسپی گەورەیان لە سەنگەلایی داهات و خەرجی لە کوردستاندا سازاندووە، بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بە هاوکێشەی جێگیری و زۆری خەرجیەکان و کەمی و ناجێگیری داهاتەوە هەیە، ئەمەش دەرئەنجامی سیاسەتی کرێاریی(زەبائینی )یە، کە لەسەر سێ بنەما وەستاوە: بوونی گرێبەستێك کە بنەماکەی ئابورییە و لێکەوتەکانی سیاسیە، بریتیە لە ڕێکەوتنێکی ناڕەوای نێوان

گروپە سیاسیەکان و گروپە بچوکەکان، بنەمای دووەم بەردەوامی ئەو ڕێککەوتنەیە بۆماوەیەکی درێژ کە تەمەنی گروپەکانە، واتە ئەم گروپانە بە درێژایی تەمەنیان بەلاشخۆر و بندیواری کەسیی دەبن و لە ململانێی حیزبی و هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنرێن، بنەمای سێیەم بریتیە لە بوونی نێوەندگیریی و دەڵاڵی سیاسی.

ئەم سیاسەتە بۆچی گرفت و کێشەیە؟ چونکە کێشەکەی ئەوەیە لەسەر دوو ئاست ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەیە: ئاستی یەکەم، دەرگایەکی گەورە لەسەر گەندەڵی سیاسی و ئابوری دەکاتەوە و بارگرانییەکی قورس لەسەر ماڵی گشتی دروست دەکات. لە کوردستان ئەم سیاسەتە پەنجەرەیەکی تری بۆ چوونە ناو هاوکێشەیەکی دیکە کردۆتەوە، ئەویش نەبوونی پێوەری بەکارخستی سەرمایە و سەرچاوەکانی پرۆژەی وەبەرهێنانی ڕاستەقینەیە، چونکە نێوەندگیرەکە لەسەر سەرمایەی وەهمی دەژی، نەک هەر ئەوە بەڵکو هەندێك جار پرۆژەی وەهمی هەیە و بودجەی بۆ تەرخانکراوە، لە لایەکیترەوە چونکە سیاسەت بووەتە سەرچاوەی داهات و بازرگانی، زۆرکات ئەو پرۆژە و بازرگانیانەی ئەنجام دەدرێن، لەلایەك قۆرخ دەکرێن، لەلایەکیتر لەسەر حیسابی خەزێنەی گشتی تەواو دەکرێن، ئەمەش ناچێتە چوارچێوەی هاندانی وەبەرهێنان، چونکە لە بنەمادا "قۆرخکارەکان" خۆیان وەبەرهێنەر نین، لەوەدا کە وەبەرهێنەر سەرمایەی ڕاستەقینەی هەیە و سەرچاوەی سەرمایەکەی دیارە، لە کوردستان بەشێکی زۆری پرۆژەی وەبەرهێنان و بازرگانی بە توندی بەستراوە بە فاکتەرێکیدیکەوە، ئەویش بابەتی "وەبەرهێنان لە کوێ بکرێت؟" لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە گرێدراوی لێکەوتە سیاسیەکەیە، بۆ سەرنجراکێشان و بەردەوامی بەکارهێنانی سیاسی دەنگدەر، وەبەرهێنان و پرۆژەکان لەو ناوچانە چڕ دەکرێتەوە، کە دەنگدەرە کردراوەکانی لێیە، بە بێ ئەوەی گوێ بدرێت بە بنەماکانی وەبەرهێنان کە زەوی، سەرمایە، کار و ڕێکخستنن، ئەمەش وا دەکات ناهاوسەنگی لە پرۆژەکاندا هەبێت و وەبەرهێنانەکە نەتوانێت ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، چونکە لە بنەمادا پرۆژەکە ئامانجی سیاسی هەیە، نەك گەشەسەندن و ئاوەدانی و ئابوری.

٢. سەرچاوەی داهات پشتبەشتووە بە نەوت:

٣٤٪ی داهاتی هەرێم پشتبەستووە بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ٤٢٪ ی لە بەغداوە دێت، کە دیسان زیکەی ٩٠٪ داهاتی خودی عێراقیش نەوتییە و پشت بە بازاڕی نەوت دەبەستێت. کەواتە ٧٦٪ی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتی بە بازاڕ و فرۆشی نەوت بەستووە.

٣. بەشێکی سەرچاوەی داهات پشتبەستووە بە پەیوەندی سیاسیی ناجێگیر و کورتمەودا:

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی دەستخستنی داهاتی هەرێم، زۆرینەی داهاتەکەی پشتی بە پەیوەندیی سیاسیی عێراقی و هەرێمایەتی بەستووە، نەک پابەندکراوی دوولایەنە و پشتبەشتوو بە پلانێکی ستراتیژی دوورمەودای جێگیر. بۆ نموونە ٤٢٪کەی بەغدا بە یاسای بودجەی ساڵانە ڕێکخراوە، کە ئەگەری گۆڕانی هەیە و هەردەم پێویستی بە سازش و سازکردنەوە هەیە و پەیوەستە بە پەیوەندی هەرێم و ئەو کوتلەیەوە کە پێکهێنەری حکومەتی ئەو کاتەیە (نەک پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق و هەرێمی دەستووری کوردستان) و لەوەش مەترسیدارتر هەردەم پێویستی بە

ڕازیکردنی زۆرینەی پەرلەمانە بۆ تێپەڕاندنی بڕگەی بڕی هەناردەکراوی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش لە چەندین سەرەوە خۆی قەیرانسازە و نەک کاریگەری لەسەر ئابووریی و داهاتی هەرێم، بەڵکوو ئامانجە دوورمەوداکانی خواستی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان و خاوکردنەوەی پرسی شوناس و خاک و ئەجێندای کوردستانی لە بەغدا بە تەواوەتی کشاندۆتەوە دواوە.

هەروەها دیسانەوە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕی جیهانیدا، دیسانەوە پشتی بە پەیوەندی ناجێگیر و سیاسیی کورتمەودای نێوان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی ئیقلیمی وەک تورکیا و ئێران و پەیوەندی کۆمپانیا و سەرمایەدارانی جیهانییەوە بەستووە، نەک ڕێکخراو لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازدا، کە ئەمەش هەردەم وایکردووە، هەم مەترسی ڕاگرتنی بۆ بێتەپێش هەم نرخی وزەی فرۆشراوی هەرێم لە بازاڕی جیهانیدا کەمتر بێت، چونکە بەشێکی زۆری ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای داشکاندن و بە ڕازیکردنی سەرچاوەی پەیوەندییەکانەوە بەندە.

بەشێکی‌دیکەی پەیوەندیەکانی هەرێمیش وابەستەی دۆخی بەسەرداباریووی تیرۆر و هاوپەیمانێتی کورد و دژبەرەکانی تیرۆرستانە، کە خۆی لە لەناوبردنی داعش و تیرۆریستاندا دەبینەێتەوە، ئەم پەیوەندیانەش دیسانەوە بۆ دۆخێکی کاتیی دەگەڕێتەوە نەک ستراتیژێکی پایەدار و جێگیری دوورمەودا.

٤. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمان و بەیاننامە و نوسراوەکانی وەزارەتی دارایی و ڕوونکردنەوە و بەیانەکانی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم، دان بەوەدا نراوە هێشتا حکومەت کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی داهاتی خۆی سەداسەد نەکردووە، بەهەدەردان و گەندەڵی بە قەبارەیەکی فراوان دەچێتە گیرفانی تاقمی بچووک و دەستڕۆیشتووی نێو حزبە هەژموونداەکان و چەند هێزێکی دیکەی دەرەوەی نێوپرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە دانانی بازگە، گومرگ، کۆمپانیا سەپێنراوەکان بەسەر حکومەتدا، وەرنەگرتنی باج لە هەندێک کۆمپانیا، نەگێڕانەوەی قەرزی کۆمپانیاکان، گەندەڵی و کاری نایاسایی دەروازە سنوورییەکان و...تاد. بەشی هەرەزۆری ئەم لێرۆشتە ئابوورییە و ئەم جۆرانەی بەهەدەردان و گەندەڵیانە لە کۆبوونەوەی ٢٠٢٠/٥/٥دا جەختیان لێکراوەتەوە و حکومەتی هەرێم دانی بە بوونی ئەم گەندەڵی و گرفتە ڕیشەییانەی سەرچاوەکانی داهاتدا ناوە.

٥. تایبەتمەندییەکی کێشەسازی دیکە، جۆری خەرجی و دابەشکردنەوەی داهاتەکانە لە هەرێمدا، بە تایبەت لە دابەشکاریی سێکتەرەکاندا:

بە پێی دوائەپدەیتی بایۆمەتری، ١,٢٥٥,٢٧٣ ژمارەی فەرمانبەرانی تۆمارکراوی نێو پرۆسەی بایۆمەتریین، بەم شێوەیە:

کۆی گشتی فەرمانبەرانی مووچەخۆرغ فیعلی: ٧٥٢،٩٥٩فەرمانبەرە و تەنها ٦٠٪ ی مووچەخۆران پێکدەهێنن. بەم شێوەیە:

مەدەنی: ٤٣٠,٢٣١ ، پۆلیس و ئاسایش: ١٠٤,٦٩٩ ، سەربازی: ٢١٧,٩٧٩.

بەڵام ٤٠٪ەکەی دیکەی هەریەک لە کەسووکاری شەهیدان، خانەنشینان و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، ژمارەیان بەم شێوەیە دابەش دەبێت:

شەهیدان: ٩٦,٩٣٧ ، خانەنشینان: ٢٤٦,٢٦٩ ، کۆمەڵایەتی: ١٥٩,١٥٨ کەس.

گەر بڕوانیە ڕێژەی سەدی فەرمانبەرانی نێو فەرمانگەکانیش بەم شێوەیە دەبێت:

کەرتی پەروەردە: ٢٢,٢٪ ، تەندروستی: ٦,٥٪ ، ناوخۆ: ١٩,١٪ ، پێشمەرگە: ١٨,٧٪ . (بڕوانە چارتی ژمارە دوو).




چارتی ژمارە ٢ (ڕێژەی دابەشبوونی فەرمانبەران بەسەر سێکتەرەکاندا. س: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

بەم پێیە دەردەکەوێت ناهاوسەنگییەکی زۆر لە ڕێژەی چەکدار و هێزەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەک و ڕێژەی کەرتی تەندروستی و پەروەردە لەلایەکی دیکەوە، نزیکەی ٣٧,٨٪ مووچە کە زۆرینەی داهاتیش دەبات، دەدرێتە هێزی چەکدار و ناوخۆ، بەڵام هەردوو کەرتی گرنگی وەک پەروەردە و تەندرووستی ٢٨,٧٪ی مووچە پێکدەهێنن. ئەمە جیا لەوەی دابەشکاری فەرمانبەران و بێکاریی شاراوە و "بندیوار" و دوو مووچە و یاسای خانەنشینی پێشووی پلەباڵاکان بارگرانییەکی زۆریان لە بەهەدەردانی داهاتی هەرێمدا بە فیڕۆداوە و دەدەن، بە جۆرێک زۆرێک لە داهات کە دەردەچێت و وەک پارەیەکی نابەرهەمهێن دەردەچێت و چیدی بە سوڕێکی تەندرووستدا ناگەڕێتەوە یان هەر ناگەڕێتەوە نێو سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان. لەوەش مەترسیدارتر، وەک ئەوەی لە دواوتاری سەرۆکی حکومەت لە جەژنی ڕەمەزاندا دانی بە خراپی خەرجیی و دابەشکارییەکدا نا و وتی: ٨٠٪ی داهاتی هەرێم بۆ ٢٠٪ی دانیشتووان خەرج دەکرێت. ئەمەش بەیانکەری ئەو دابەشکارییە نائابوورییانەیە کە دیدگایەکی کوشندەی ڕێکخستنی خەرجییەکانی

حکومەتی هەرێمی بە درێژایی کابینەکانی ڕوونکردووەتەوە.

لێرەوە دەردەکەوێت لەلایەک پیادەکردنی سیاسەتی زەبائینی و پشتبەستن بە ئابووریی نەوتی (کە بە پێوەر و بۆچوونی ئابووریناسان، لەرزۆکترینن ئابووریی ئابوورییەکە کە پشتبەستوو بێت بە نەوت و لە ئانی قەیران و ناجێگیرییدا زۆرترین خەسارەت لە خۆدەگرێت) و ناجێگیریی پەیوەندیی سیاسیی و خراپی لە دابەشکاریی و ڕێکخستنی خەرجی، شوێنەواریی کوشندە و قەیرانسازیی قوڵی بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان سازاندووە.

**سیناریۆکانی ئایندە و نەخشە ڕێگایەکی چاکسازی:**

دەکرێت لە ئاست دۆخی ئیستای ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، پێشبینی دوو سیناریۆ بکرێت:

**یەکەم**: وەك دەردەکەوێت دۆخی ئابووری لە بارێکی مەترسیداردایە، بەشێوەیەك کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێگەی سیاسیی هەریم لە نێوخۆ و دەرەوەدا جێهێشتووە، بۆیە لە ئێستادا ئاسان نیە ئابوری هەرێم بگەرێتەوە دۆخی پێش ساڵی ٢٠١٣، بەڵکو ڕەنگە لەماوەیەکی نزیکدا بەرەو دارِمانی زیاتریش برِوات، خۆ گەر ئاراستەی ڕوداوەکان وەکو ئێستا بەردەوام بێت و چاکسازییەکی بنەڕەتی نەکرێت، بەرەو دارِمانی درێژمەوداش ڕوو دەنێت.

**دووەم:** سەرباری ئەو سیناریۆ تاریکەی سەرەوە دەکرێت، بەبوونی ئیرادەیەکی یەکگرتووی سیاسیی نێو بریاردەرانی هەرێم بۆ چاکسازی بنەڕەتی ئاستی پێشبینییە نەخوازراوەکان کەمبکرێتەوە و دەرچەیەك بۆ دەربازبوونی هەرێم لە دارمانی ئابووری و پەرتەوازەیی سیاسی بدۆزرێتەوە، لەپێناو بەدیهێنانی ئەم سیناریۆیەشدا، دەکرێت بۆ ڕایەڵەسەرەکییەکانی نەخشە ڕێگایەکی ئایندەیی دەربازبوون لەو قەیرانە، ئەم هەنگاوانە یارمەتیدەر دەبن:

١.جێبەجێکردنی "یاسای چاکسازی"، بەشێوەیەکی ورد و دادپەروەرانە و فراوانکردنی بۆ سێکتەرەکانیتری خزمەتی گشتی، دادوەریی و یاسادانان.

٢.گرنگە لە رێکخستنەوەی ڕۆڵی کەرتی گشتییدا، هاوسەنگی زیاتر بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی داهاتی نیشمانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانەتر برەخسێنرێت، کە تیایدا ئەرکی سەرەکی حکومەت ڕەخساندن وفراوانکردنی هەلی کار بێت بۆ هاوڵاتیان لە بری دامەزراندن، ئەویش لە رێی زیادکردنی بودجەی تایبەت بە وەبەرهێنان و هاندانی پرۆژەی بچوك بۆ هاوڵاتییان و دانانی سیستمێکی بەهێزی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندانی بواری کەرتی ناحکومی.

٣.فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێم و دەربازکردنی لە هەژمونە مەترسیدارەکەی نەوت، لە رێی هاندان و پشتگیریکردنی بوارەکانی پیشەسازییە هەمەجۆرەکانی وەك خواردن، پێداویستی رۆژانە، پترۆکیمایی، گەشتوگوزار و چەند بوارێکی کشتوکاڵی وهتد. ئاشکرایە بۆ چالاککردنی هەر بوارێك یاسا و رێنمایی پێویستە.

٤.بچوککردنەوە و چالاکترکردنی حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی لە رێی لکاندنەوەی هەندێ لە وەزارەتەکان و دەستە و بەرێوەبەرایەتییەکان، هەروەها پەیرِەوکردنی ناناوەندێتی کارگێری و

دارایی فراوان، بۆ کاراکردن و باشتر بەڕێوەبردنی حکومەت و گەشەپێدانە لۆکەڵییەکان.

٥.کەمکردنەوەی ڕێژەی بودجەی نامەدەنی(٣٧%) لە بودجەی گشتی کە لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکان وخودی توانای هەرێم ناگونجێت و گواستنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ بودجەی وەبەرهێنان و پەیداکردنی هەلی کار و پرۆژەی بچوك و ژێرخانی.

٦.دامەزراندنی سیستمێکی بانکی سەربەخۆ و متمانەپێکراو، لەپێناو هاندانی زیاتری گەشەسەندنی ئابووری و خولانەوە(سوڕی داهات) و بەکارهێنانی سەرمایەی نوستوو(مکنز) و شاراوەی هەرێمەکەمان.

٧.بەهێزکردن و سەربەخۆکردنی زیاتری کەرتی تایبەت و دامودەزگاکانی، دژایەتیکردنی قۆرخکاری، دورخستنەوەی دەسەڵاتدارانی حزبی و حکومی لە کاری بازرگانی، بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕی پێویست.

٨.دانانی سیستمێکی کارا و دادپەروەرانەی باج (باجی هەڵکشاو)، کە سەرجەم خاوەن سەرمایەکان، بەپێی قەبارەی سەرمایەکانیان، بگرێتەوە.

٩.لە پێناوی گێڕانەوەی جێگیریی و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دارایی و ئابووری، گرنگە کار بکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەپێی دەستور. گێڕانەوەی متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکرێت ڕۆڵی زیاتر لە گەشەشەندن وفراوانکردنی بازرگانی و ئابوری بۆ هەردولا بگێڕێت و بازاڕی گەورەتر بۆ هەردوولا بکاتەوە.

١٠.سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەری وەزارەتی پەروەردە، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و خوێندنی باڵا بە شێوەیەك کە گرنگی تەواو بدرێت بە خوێندنی پیشەیی و بەستنەوەی بە گەشەپێدانی بازاڕی کار و دروستکردنی نەوەیەکی گەنج کە کارامەیی(skill) تەواوی هەبێت و ئامادەکراوبێت بۆ پڕکردنەوەی سێکتەوە ئابوورییە جیاجیاکان و دروستکردنی هەلی کاری نوێ بۆیان.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

1. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
2. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
3. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
4. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
5. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
6. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
7. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
8. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
9. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
10. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

1. اجراء البحث العلمي و نشره.
2. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
3. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
4. اصدار مجلة علمية محكمة.
5. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
6. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
7. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.4

# Iraqi New Government & the Economic Crisis in Kurdistan Region

## Constraints and Scenarios

# الحكومة العراقية الجديدة والأزمة الاقتصادية في اقليم كوردستان

## المعوقات و المشاهد المستقبلية

May 2020

www.centerfs.org